# کۆمەڵگاو هزری خورافی

**هادی ئەمین**.
**خوێندکار لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی**

خوێندنەوەی تێکستەکان گرنگە، لەوەگرنگتر ئەوەیە کە بەچاوی ڕەخنەی زانستییەوە بخوێنرێنەوە، بۆئەوەی بە کارلێکی تێکستو ڕەخنە تێگەیشتنی زیاتر، ڕونتر، ڕاسترمان بداتێ لەبارەی بابەتەکانەوە. هەروەك ئەو کارلێکە ئیجابییەی نێوان ساردو گەرمی تەزووی کارەبا، کە بەهۆیەوە دنیاکەمان ڕۆشنو ڕەنگاوڕەنگ دەبێت.

لە ژمارە (3)ی گۆڤاری سۆسیۆلۆژیا لاپەڕە (65–70) بابەتی (خورافە هێشتا لە کۆمەڵگاکەماندا لە برەودایە)م خوێندەوە کە نوسینی بەڕێز حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ بوو، دوای خوێندنەوە هەندێك سەرنجم لادروستبوو، بە پێویستم زانی بیخەمەڕو، بۆئەوەی بە نوسینەکەی کاك حەمەو ئەم نوسنە دەروازەیەك بکرێتەوە بۆ توێژینەوە لەوبارەیەوە. لەڕاستیدا کاك حەمە شتی جوانی نوسیوە، بەڵام ڕەنگە لەبەر سەرقاڵی نەیتوانیبێت وردکاری زیاتری بۆبکات.

**خورافە:**

خورافە وشەیەکی عەرەبییە، لە (خرف)ەوە وەرگیراوە بەواتای خراپبونی عەقڵ دێت، خورافەش بریتیە لەو بونیادە هزرییەی کە پشتنابەستێت بە ڕاستیو واقیع.[*] واتە خورافە بیرکردنەوەیەکی ئالودەیە بەبۆچوونی ناعەقڵانیو نازانستیو ناڕون، بیرکردنەوەو بابەتەکانی، هۆکارو دەرئەنجامەکانی ناڕونو ئاڵۆزن. پێچەوانەی بیرکردنەوەی عەقڵیو زانستییە، پشتنابەستێت بە سەلماندنو بەڵگەهێنانەوە، بەڵکو زیاتر پشتدەبەستێت بە سۆزو بەختو سودفە، بەڵام بیرکردنەوەی عەقڵیو زانستی دامەزراوە لەسەر بنەمای (هەوڵدان، بەڵگە هێنانەوە، دۆزینەوەی زانیاریو ڕێکخستنی پەیوەندی دیاردەکانو زانینی هۆکارەکان).

بیرکردنەوەی خورافی پێیوایە گۆڕان لەدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە دێت، نەك لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیەوەو بەهەوڵی مرۆڤەکان. واتە شیکردنەوەی عەقڵیانە ناکات بۆ هۆکارەکانی (سەرکەوتن، شکست) لە ژیانداو هەموو ئەگەرەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری ناڕون.

کاك حەمە لە پەرەگۆافی یەکەمدا نوسیویێتی "خورافە بیروبۆچونێکی کۆنو سەلەفییە". ئاشکرایە ناتوانین بە وشەی کۆنو سەلەفی خورافە پێناسەبکەین، چونکە وشەی کۆنو سەلەفی خۆیان گشتگیرنو مانایەکی ڕون نادەن بەدەستەوە. ئایا هەموو تیۆریەکانی پێشخۆمان کۆنو سەلەفین؟ کامانەیان سەلەفین، بۆچی؟ بەچ پێوانەیەك کۆنو سەلەفی دیاریبکەین؟ دورکایم، ئۆگست کۆمت، زاناکانی ڕۆژئاوە، یان زاناکانی ڕۆژهەڵات، فەیلەسوفەکانی یونان، کامانەیان سەلەفینو بۆچی ئەویتریان سەلەفی نییە؟ وشەی سەلەفی خۆی مانای چییە؟

وشەی سەلەف بەمانای ( تقدم، مضی، سابق..) دێت، واتە ڕۆیشتو، ڕابورد، پێشینە. بۆنمونە دەوترێت (مقطع المذکور سالفا) واتە ئەو بڕگەیەی لە پێشدا باسکرا.[*] ئەگەر وشەی سەلەف بدەینە پاڵ هەرشتێك پێشینەو ڕابردوی ئەوشتە دەگرێتەوە، ئەگەر بیدەینەپاڵ بیروبۆچون، ئەوا هەموو بیروبۆچونە پێشینەکان دەگرێتەوە. بەڵام زیاتر لە بواری ئاینیدا بەکاردێت کە مانای پێشینەکانی ئاینەکە دەگرێتەوە، سەلەفی لە ئاینی ئیسلامدا ئەوانە دەگرێتەوە، کە بۆتێگەیشتن لە ئاین دەگەڕێنەوە بۆ تێگەیشتنی سەرەتای ئیسلام. بەڵام تێگەیشتنی سەلەفی بۆ ئیسلام زۆر دژە بە دیاردەکانی تەقدیسکردنی قەبەر، سیحر، قاوەگرتنەوە...ئێستاش چەندین قوتابخانەو بڵاوکراوەیان هەیەو مەحکومی ئەو دیاردانەشدەکەن.

ناتوانین مەحکومی تیۆرو بۆچونو بابەتەکانی پێشخۆمان بکەینو بڵێین خورافەو بێکەڵکن، چونکە ئەوە حوکمێکی نازانستیانەیە. ڕوانگەو ڕاڤەی زانستییانە بۆ بابەتو کاتەکان دولایەنەیە، واتە دەشێت بابەتو زەمەنی ڕابردوو باشی خۆی هەبێتو لە هەمانکاتدا ڕەنگە خراپی خۆشی هەبێت. بەهەمانشێوە ئێستاو داهاتوش باشیو خراپی خۆیان هەیە.

**جۆرەکانی بیرکردنەوەی خورافی:**

خورافە (بیرکردنەوە، بابەت، کتێب، فیلم، دیاردە...)ی جۆراوجۆری هەیە، لە زۆر بواری ژیاندا بیرکردنەوەی خورافی کاردەکات. بەردەوام بابەتو هزرە خورافیەکان بۆئەوەی قبوڵبکرێن، تێکەڵدەکرێن بە ئاینو زانستو، بەرگی ئاینیو زانستی دەپۆشن. زۆر لە کایەکان خورافە دەورەیداون. خورافەی بورجەکان خۆی تێکەڵدەکات بە زانستی ئەستێرەناسی. خورافەی کیشوەرە نەزانراوەکان خۆی تێکەڵدەکات بە زانستی جیولوجی. خورافەی تەنە فریوەکان (الأطباق الطائرة) خۆی تێکەڵدەکات بە زانستی گەردونناسی. خورافەی

مرۆڤی مەیمونی خۆی تێکەڵدەکات بە ئەنسرۆپۆلۆژیا (زانستی ئەندازەی بۆماوەزانی ئەوەی یەکلاکردەوە، کـە جـۆری گیانـداران جیـاوازو سەربەخۆن. گیانداران ناتوانن جۆرو ڕەگەزەکانی خۆیان بگۆڕن، بەڵکو پەیوەسـتو پابەنـدن بـە جیناتەکانیانـەوە، واتـە ناکرێـت جـۆری گیانداری مەیمون، ببێتە جۆرێکیترو ببێتە مرۆڤ).

هەنـدێك کـەس باوەڕدەکـەن کـە شـتانێك هـەن خـاوەنی هێـزنو دەتـوانن نـشاندانو ئاسـانکاری بکـەن بـۆ کـارو پرۆژەکـانی ژیـانی کۆمەڵایەتی، هەربۆیە سەردانو تەقدیسی (قەبرێك، دارێك، بەردێك، شاخەئاسکێك، کەسێك، ڕەمزێك...) دەکەن، لـە زۆر گونـدو گـەرەكو مزگـەوتو سـەیارەو ماڵـدا لـەو خورافەتانـە بەدیـدەکرێت، خـۆ ئەگـەر سـەردانێکی مەرقـەدی دەرەوەو نـاو مزگەوتـەکانو فاڵـچیو قاوەگرەوەکان بکرێت شتی زۆر سەیردەبینرێت.

کاك حەمەلە لاپەڕە (66)دا نوسیوێتی "مۆدێرنە نـەیتوانیوە جێگـا بەخورافـەو سـیحرو جادووگـەری لـەق بکـات". بـەڵام ئاشـکرایە خورافە لە کایـەکانی ژیانـدا کاردەکـاتو، پەیوەسـت نییـە بـە بابـەتو دیاردەکانـەوە، بـەڵکو هەنـدێك دیـاردەو بابـەتی مـۆدێرن خورافـە بڵاودەکەنەوە..خورافە ئەگەر بریتیبێت لـە بیرکردنـەوەی نـاواقیعیو خـەیاڵی ئـەوا (بەداخـەوە هۆیـەکانی ڕاگەیانـدن پێداویستی درۆ لـە ئێمەدا دروستدەکەن، هەمیشە دڵنیامان دەکەن کە سەرفکردن، بەرخۆری نیشانەی ئاستی بەرزی کەلتوریو ڕۆشنبیریمانە)

کاك حەمە لە لاپەڕە (68)دا نوسـیوێتی (منـداڵی کـورد لەسـەر خورافـەو ئەفـسانەو حیکایەتـە پـڕ لـە درۆو دەلەسـەو پاڵـەوانبازیو تۆڵەکردنەوەو کوشتوبڕو وێرانکـردنو سـوتاندنو چـەتەییو دزیکـردنو پـەلاماردانو داوێنپیـسیو دەستپیـسی گـۆش ئـەکرێن). ئەگـەر خورافە بریتیبێت لەو حیکایەتانە، ئەوا لـە کەناڵـە مۆدێرنەکانـدا چـەندین فیلمـی خـەیاڵیو دوور لـە واقیـعو توندوتیـژ بەرهـەمهاتون، کـە لەچیرۆکە کوردەوارییەکان خەیاڵیترن، لەو فیلمانەدا بەتەڵی فـیلم بەسـەدان دەکوژێتو چـەندین شـوێن وێـران دەکـات، بێئـەوەی خـۆی هیچی لێبێت، کـە کاریگـەری خراپیـان دانـاوە لەسـەر بینـەران. (لەتوێژینەوەیـەکی ئەمەریکیـدا دەرکـەوتووە کـە لەسـەدا شەسـتی ئـەو نەوجەوانانەی کە بەتاوان گیراون بیرۆکەی ڕەفتارە تاوانکاریو دوژمنکارانەکەیان لە تەلـەفزیونو فیلمـە توندوتێژەکانـەوە وەرگرتـووەو، ئاماژە بەوەشدەکات کە شەڕوشۆڕو ئاژاوەی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ فیلمە توندوتیژو شەڕانگێزیەکان)

واتـە خورافـەو چـیرۆکی خـەیاڵی تـەنها تایبـەت نییـە بـە کۆمەڵگایـەكو، ئامێرەکـانی مۆدێرنـەش دوولایەنـەن، لەلایـەك خورافـە بڵاودەکەنەوەو، لەلایەکیتر شتی بەسودو بەکەڵك.

بێگومـان خورافـە لـە کەسـانی نەخوێنـدەوارو نارۆشـنبیر چـاوەڕێدەکرێت، بـەڵام ئەگـەر کەسـانی رۆشـنبیرو خوێنـدەوار کـاری خورافیانەبکەن ئەمەیان جێگای سەرسوڕمانە، لەکاتێکدا رۆشـنبیران دژ بـە خورافـەت قـسەدەکەن، بـەڵام هـەرخۆیان بەشـێکی گـەورەو بەرفراوانی خورافە لە کەناڵە مۆدێرنەکانەوە بڵاودەکەنەوە. دەبینین لە ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکانی راگەیاندندا گۆشەی تایبەت هەیـە بـە خورافەی بورجەکان.

ڕۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن بەگرنگیدانو برەودان بە گۆشەی بورجەکان ڕێخۆشـدەکەن بـۆ ئـەوەی خورافـە بـە ئاسـانی بـچێتەناو ناخی جەماوەرەوە، چونکە بنەمای بیرکردنەوە لە بورجەکاندا هەرهەمان بنەمایە کە لە بۆچـوونە خۆرافەیـەکانیتردا هەیـە. چ جیاوازیـەك لە نێوان نەخوێندەوارێکدا هەیە کە لە فاڵچیو قەبرێك دەخوازێت کە پێشهاتەکانی ژیانی بۆ ڕونبکاتەوە، لەگـەڵ ڕۆشـنبیرو خوێنـدەوارێك کـە بورجەکـەی دەخوێنێتـەوە تـا بزانێـت پێـشهاتەکانی ژیـانی چـیە؟ تەنانـەت هەنـدێك کـەناڵ بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، تـەنها بەشیکردنەوەی ناوو ساڵی لەدایکبوون پێشهاتەکان بۆ کەسەکان باسدەکەن!؟

خورافـەی بورجـەکان دەڵێـت بوارەکـانی ژیـانی کۆمەڵایـەتیو دەرونـیو بازرگـانیو سـۆزداریو...دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری هێزە(کارۆموگناتیسی، نادیار، ...)ەکانی هەسارەو هێزە گەردونیەکان، واتە بەناراستەوخۆ دەڵێن ( مرۆڤ خـاوەن داهـاتووی خـۆی نیـەو زۆرلێکراوە بۆکردنی چالاکیەکانی ژیانی، لێکدانەوەی عەقڵیو هەوڵدان سوودێکی ئەوتۆی نیە، چونکە بەخت کاری خۆیدەکات!)، بـەپێی ئەو بۆچوونە هەر بورجە کاردەکاتەسەر کەسـانی خـۆی، بـەواتا ئـەم هێزانـە توانـای جوداکـاریو دۆزینـەوەی کەسـانی خۆیانیـان هەیـە، دەگەڕێن بەدوای جەماعەتەکەی خۆیانداو کەسەکانی خۆیان دەناسنەوە لەهەر سوچێکی ئەم دنیایەدابێت!! بەواتا ئـەو هێزانـە هێزێکـی بینەرنو توانای گەڕانو جوداکاریان هەیە، بێگومان جوداکاریو دۆزینەوەیش پێویستی بە عەقڵە، واتە ئەو تەنە گەردوونیانە بـەپێی ئـەو بۆچوونە خورافیە خاوەن عەقڵو ئیرادەو هێزن!؟

گرفتەکەش لەوەدایە، کەسانی ڕۆشنبیرو خوێندەوار نمونەی باڵای جەماوەرن، کاتێك جـەماوەر دەبینێـت ڕۆشـنبیرانو خوێنـدەواران گرنگی بە ئەستێرەی بەختدەدەن، ئەوا بۆچونێك لای جـەماوەر دروسـتدەبێت کـە دەڵێـت : (ناگونجێـت ئـەو هـەموو کـەناڵو ڕۆژنامانـەو

ڕۆشنبیرانە لەسەر هەڵـەبن)و بابەتەکـە وەك بابـەتێکی ڕاسـت وەردەگـرن، بـەوەش بۆچـوونی خـوراف گـەرای خـۆی دادەنێـت لـە نـاخی جەماوەردا، بە جۆرێك ئامادەدەبن بۆ وەرگرتنی هەموو جۆرە خورافەتێك، ئامادەدەبن کە بە شێوەیەکی ئاسایی سەردانی (قـاوەگرەوە، فاڵچی، بەختگرەوە، مەرقەد)یش بکەن تا بزانن پێشهاتەکانی ژیانیان چیە ! ؟ لە ئەنجامدا توشی چەندین گـرفتی دەرونـیو کۆمەڵایـەتیو ئابوری... دەبن [له]

بیرکردنەوەی خورفی جۆراوجـۆرە، بۆنمونـە بیرکردنـەوەی (بۆئـەوەی مـۆدێرن بـین، پێویـستە واز لـە هـەموو شـتو بیروبۆچـونەکانی پێشینو ڕابردوی خۆمان بهێـنین) ئـەم بیرکردنەوەیـە، بیرکردنەوەیـەکی خورافیانـەو ناڕونـە. خورافەیـە ئەگـەر بڵـێین کولتـورو مۆدێرنـە دژبەیەکن، ئاشـکرایە (جیهـان ڕۆژبـەرۆژ مـۆدێرن دەبێـت، بێئـەوەی ببێتـە ڕۆژئـاوایی، چـونکە مۆدێرنبـون بـەمانای ڕۆژئـاواییبون نییـە. کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان دەتوانن مۆدێرن بن، بێئەوەی واز لە کولتوری خۆیان بهێنن..هەندێك کۆمەڵگای ئیسلامی گیروگرفتیـان هـەبووە لەگەڵ مۆدێرنیزمبوندا، بەڵام ئیسلامو مۆدێرنیزم ناتەبانین، ژاپـۆن، سـەنگافورە، تـایوان، عەرەبـستانی سـعودی، ئێـران بێئـەوەی ببنـە ڕۆژئاوایی بونەتە وڵاتی مۆدێرن)[لو].

هـەروەها بیرکردنەوەیـەکی خورافیـە ئەگـەر مـرۆڤ پێیوابێـت کـە مـادە خۆشـبەختی دەکـات (لەوانەیـە مـرۆڤ بتوانێـت بـە هـۆی خورادنەوەی دەرمانێکی ئارامبەخش یـان مـەی خورادنـەوەو بەشـداریکردن لـە کـۆڕو ئاهـەنگو، بیـنینو خوێندنـەوەی شـتی پڕوپـوچو، دەسدانە ڕابواردنی سێکسی بۆماوەیەکی کەمو بەشێوەیەکی کاتی بێزاری خۆی بشارێتەوە، بەڵام ئەوانە بۆ داننانـە بـە بێزاریـدا)[لز] بـەڵکو مرۆڤ بەشێوەیەکی هاوسەنگ پێویستی بە کارکردن هەیە لەگەڵ جیهانی ئایدیالیستو ماتریاڵدا.

**پەندی پێشینانو خورافە:**

کاك حەمە لە لاپەڕە (68)دا نوسیوێتی (منداڵی کورد بارگاویکراوە بە..پەندی پێشینانی پڕوپوچ کە هیچ بایـەخێکی نییـە لـە ژیـانی ڕۆژانەی مرۆڤی کورردا). بەڵام ئاشکرایە نـاتوانین بـە بۆچـونەکانی پێـشخۆمان بڵـێن بابـەتی بێکـەڵکنو سـودیان نییـە بـۆ ژیـان، پەنـدی پێشینان ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی پێشخۆمانەو، ناتوانین بە شێوەیەکی گشتی هـەموی مـەحکوم بکـەین. چـەندین پەنـدی پێـشینانمان هەیە تا ئێستاش کاریکەری خۆیان هەیە، بۆنمونە (ئەو گۆمەی ئاوی تێدا دەخۆیتەوە بەردی تێفڕێمەدە) ئـەم پەنـدە بەسـودە بـۆ ژیـانی کۆمەڵایەتیو دەڵێت وەڵامی چاکە بەخراپە مەدەرەوە. (برامان برابیە کیسەمان جودای) ئەم پەنـدە بـاس لەسـەربەخۆی بـواری ئـابوری دەکات، تا ستەمی ئابوری بەهەر بیانویەکەوەبێت، لە ئارادا نەمێنێت. (شیری عەقڵ لەشیری ئاسن تیژترە) ئەم پەنـدە بـاس لـە گرنگـی زانـست دەکـات. (ئـاوو، ئـاوەدانی) ئـەم پەنـدەش باسـی بنەمایـەکی گرنگـی ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەکـات، کـە لـە هەرشـوێنێك سروشـت گونجاوبێت ئەو شوێنانە شارستانیان تێدا چڕدەبێتەوەو بە کەڵکی نیشتەجێبون دێن، ئەوەش زانـستی کۆمەڵناسـیو زانـستی دانیـشتوان سەلماندویەتی.

ڕوانینی زانستی ئەوەیە، بڵێن پەنـدی پێـشینان دەشـێت باشـی خـۆی هـەبێتو دەشـێت خراپیـشی تێـدابێت، دەتـوانین کـار لەسـەر باشەکان بکەینو خراپەکانی وەلاوەبنێین.

**یوگا:**

کـاك حەمـە لـە لاپـەڕە (66)دا نوسـیوێتی"ئێمـە وەکـو نـەژادی زەردی چـینیو ژاپـۆنیو کـۆری مەشـقو وەرزشـێکی گرنگـی وەك (یۆگـا)مـان نییـە بـۆ هێوربوونـەوەو پـشودانی دەرونـیو ڕۆحـیو مێـشکی". لـە هـەمان لاپـەڕە نوسـیوێتی (ئـەو عەقڵیەتـەی وا لەپـشت میدیاکانەوە، عەقڵیەتی مەدەنیو عەلمانی پیادەناکات کە ڕۆڵی زانینو مەعریفەو دونیای مەتریاڵ کاراتر بکات) پاشان لە لاپـەڕە (70)دا نوسیوێتی (گەنجی ئەمڕۆش بارگاوییە بە بیروڕای ئایدیالیستیو کۆنو سـەلەفیو کـوڕی سـەردەمی جیهـانگیری نییـە). لەسـەرنجدان لـەو ڕستانەوە ئاڵۆزیەك دروستدەبێتو، چەند پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا جیهانی مەتریاڵ کارابکرێت یان جیهانی یوگـایی ئایدیالیـستی؟ ئایـا یوگا جیهانی مەتریاڵە یان جیهانی ئایدیالیستە؟ (ئەگەر مەبەستی یۆگا بۆ هێوربوونەوەو پشودانی دەرونـیو ڕۆحـیو مێـشکی بێـت، ئایـا چۆن جیاوازی بکەین لە نێوان سەردانی مەزرگەو جۆرەکانی خورافە، کە هەندێك لەوانیش دەڵێن ئەم کارانـە بـۆ هێوربوونـەوەو پـشودانی دەرونیو ڕۆحیو مێشکیەیە؟) ئایا یوگا خۆی چییە؟

(یوگا مەزهەبێکی فەلسەفی هندۆسیەیە)[لح] ڕوانگەیەکی ئایدیالیستیو ڕۆحانی هەیە، لەسەرەتای سەدەی یەکەمی پێـشزاینەوە لەلایـەن بانتجالی دامەزراوە، کۆمەڵێك ڕاهێنانی هەیە بەهۆیەوە هەوڵی بـچڕاندنی پەیوەنـدی ڕۆح دەدات بـە جیهـانی مەتریاڵـەوە. مەزهـەبی یۆگـا تیۆری زانینی تێکەڵکرد بە سۆفیگەریو، داوای دورەپەرێزیدەکات لە دونیاو، هەستی سۆفییانە لە پێش مەعریفەی عەقڵیەوە دادەنێت)[لط]

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە یوگاو جیهانی ئایدیالیست نابێت وەك جەمسەرێکی دژ بە جیهانی مەتریالّ بەکاربهێنین، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی دولایەنەیەو پێویستی رۆحیو ئایدیالیستی هەیەو پێویستی مەتریالّیشی هەیە. هاوسەنگیکردن لە نێوانیان ژیانێکی باش بۆ مرۆڤ دەستەبەردەکات. گەنج دەتوانێت بارگاوی بێت بە بیروباوەڕی ئایدیالیستیو لەهەمانکاتیشدا مۆدێرنیش بێت. هەرووەك لەپێشتر باسکرا مۆدێرنە دژ نییە بە کەلتورو ئاین. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە ڕەهەندە خورافیەکانی کولتورو ئاین بناسینو وەلاوەیان بنێین. وڵاتانی وەك ژاپۆن، چین، سەنگافورە وەك ئەوروپا لە ئاینەوە دەستیان پێنەکرد بۆ بە مۆدێرنبوون، بەڵکو کلتورو ئاینەکانیان ڕێگرنەبوون لە مۆدێرنبوندا. واتە دژیەکیەکمان نییە لە نێوان ئایدیالیستو مەتریالّیستدا، لە نێوان مۆدێرنەو ئاینو کلتوردا. گەنجێك دەتوانێت بارگاوبێت بە بیروڕای ئایدیالیستیو یوگابکاتو، لەهەمانکاتدا کەسێکی مۆدێرنیش بێت.

**زیانەکانی بیرکردنەوەی خوراف:**

لەسەر ئاستی دەرونو بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی خوراف دەبێتەهۆی پەکخستنو بەکۆیلەبوونی عەقڵو بڕوابەخۆنەبوونو نائارامی دەرونیو تەمەڵیو گرنگینەدان بەکارکردنو هەوڵنەدان لە بەرامبەر پێشهاتەکانی ژیانداو، سەیرکردنی خوود وەك ئامێرێکی بێئیرادەو زۆرلێکراو. بۆنمونە (کاتێك کەسێك بورجەکەی دەخوێنێتەوە کە باسی ئەگەرو پێشهاتە خۆشەکانی بۆ دەکاتو پێیدەڵێت توشی خۆشیەکی زۆردەبیت بەخت یاوەرتدەبێت، بەڵام ئەگەر وا دەرناچوو ئەوا کەسەکە ڕقی لەخۆی دەبێتەو تووشی ڕەشبینی دەبێت، وادەزانێت کەسێکی بێبەختەو بچێتەسەر رووباری سیروانیش ووشکدەبێت. خۆئەگەر بورجەکە ئەگەرە ناخۆشەکانی بۆ باسبکاتو بڵێت پەیوەندیەکانت روو لە ئاڵۆزبون دەکەن... ئەمەیان مرۆڤەکە توشی شکستدەکاتو لە تواناو هەوڵدانی کەمدەکاتەوە دەبێتە بۆچونێکی نەگەتیف لەسەر دەرونی) هەربۆیە ڕوانینی دولایەنە بۆ داهاتوو بەپەسەد دادەنرێت (واتە داهاتوو ئەگەری خراپو باشی تێدایە). کە مرۆڤ والێدەکات هەموو هەوڵو تواناکانی خۆی بخاتەکارو بەردەوام بێت لە ژیانو هەوڵدانو چارەسەری ئەگەرە خراپەکان بکات.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دیاردەو هزری خوراف کاریگەری خراپدادەنێت، زۆرێك لەو کەسانەی پشتدەبەستن بە بابەتە خورافیەکان کێشەی کۆمەڵایەتییان بۆدروستدەبێت، بۆنمونە هەندێك جار فالّچیو قاوەگرەوەکان گومانی خراپ لە نێوان ژنو مێردو هاوڕێکاندا بڵاودەکەنەوە، کە دەبێتەهۆی لاوازبونی پەیوەنیدەکانیان.

لەسەر ئاستی ئابوری، داهاتێکی زۆر، بێهودە لە بوارە خورافیەکاندا سەرفدەکرێت، تەنانەت سەردانی نوشتەچیو قاوەگرەوەو ساحیرو فالّچیەکان بڕێك پارەی دەوێت، چونکە ئەوان بەپارە کاردەکەن، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەین بڕێکی زۆری پارە دەخرێتە نزرگەکانەوە، کە کەس نازانێت چۆن بەکاردەهێنرێتو کێ سودی لێوەردوەگریبێت.

**ئەو هۆکارانەی هزری خوراف کاراو بەکۆمەڵایەتی دەکەن:**

نەزانیو نەتوانی:

هزری خوراف یەکێکە لە بابەتەکانی مێژوی مرۆڤایەتیی‌یە. مرۆڤ بەردەوام بۆ پڕکردنەوەی نەتوانی‌یەکانیو وەڵامی پرسیارە نەزانراوەکان بیرکردنەوەی خوراف بەکارهێناوە، کاتێك نەیزانیوە هەورەگرمە چییە وتویەتی ئەوە دەنگی خوداکانە. کە مرۆڤ هۆکارەکانی سەرکەوتنو شکستی نەزانیوە پەنای بردۆتەبەر بیرکردنەوەی خوراف، یان کاتێك توشی هەڵوێستێکی نەتوانی (عجز) بووە هیوای لاوازبوە بە دەربازبون لە هەڵوێستەکە، پەنای بردۆتەبەر هەر شتو بیرکردنەوەیەك کە ئومێدێکی پێبدات، بۆنمونە کاتێك مرۆڤ لە دەریایەکدا خەریکە دەخنکێت، ئەوا پەنا بۆ دارێکی باریکیش دەبات بۆئەوەی ڕزگاری بکات، هەرچەندە عەقڵی پێی بڵێت ئەو دارە لاوازە، بەڵام کەسەکە لەتاو هەڵوێستە نەتوانو بێئومێدەکەی پەلاماری دارەکە دەدات.

بەهۆی نەزانیو نەتوانی‌یەوە هەندێك پەنادەبانەبەر دیاردەو بۆچونە خورافیەکان، بۆنمونە پەنادەبەنەبەر قەبرێك، فالّچییەك بەهیوای ئەوەی دڵی خۆشەویستەکەی بۆ نەرمبکات، لە تاقیکردنەوەدا سەریبخات، لە هەموو کاروباری ژیاندا سەرکەوتوی بکاتو، لەبەلاّو چاوپیسان بیپارێزێت. یان بۆئەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەکانیان وەرگرنو بوارەکانی ( هاوسەرێتی، خۆشەویستی، بازرگانیو ...)یان بۆ ئاسانبکەنو بۆیان ڕونبکەنەوە.

**گوتاری ئاینی:**

کاك حەمە لە لاپەڕە (67)دا نوسیوێتی (ئاین وا دەکات مرۆڤ بڕوا بە جنۆکەو خێوو ڕۆحانیەتو ئەفسانەو جادووگەری و سیحرو قسەی پڕوپوچ و بێسەروبەرە بهێنێت). ئاشکرایە لە باسکردنی ئایندا دەبێت دوو لایەن سەرنجبدەین، یەکەمیان ئاین وەك دەق، دووەمیان ئاین وەك گوتارو کلتور. دەبینین لە کۆمەڵگای خۆماندا کە زۆرینە ئاینیان ئیسلامە، سەرنجدەدەین ئاین وەك دەق، زۆر

بەئاشکرا چەندین دەقی هەیە، کە دژایەتی دیاردەو بۆچونە خورافیەکان دەکات، مەحکومی سیحرو فاڵچێتیو تەقدیسی قەبر کەسەکان دەکات. بۆنمونە دەڵێت (لیس منا من تطیر او تطیر له، او تكهن او تكهن له، او سحر او سحر له)ﷺ.

هەروەها بۆ ڕاپەڕندنی کارەکان داوادەکات پشتببەسترێت بە هۆکارەکان، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان دەرمان بەکاربهێنرێت دەڵێت (تداوا فان الذي خلق الداء خلق الدواء)ﷺ. ئەوە خورافەیە مرۆڤ داوا بکات لە قەبرێك تا کارێکی بۆبکات، چونکە دەقەکان دەڵێن تەنانەت پێغەمبەر سودو قازانجی بەدەستنەبوەو غەیبی نەزانیوە وەك [قل لا املك لنفسي نفعا ولا ضرا الا ماشا الله ولو كنت اعلم الغيب لاستكثرت من الخير وما مسني السوء] الاعراف 188. هەروەها ئەوە خورافەیە یەکێك مەلە نەزانێتو خۆی هەڵداتە ناو دەریاو بڵێت خوا ڕزگارم دەکات، چونکە ئەم گەردونە پەیوەستە بە سیستەمێکی جێگرەوە، ئاو مرۆڤ دەخنکێنێت گەر مەلەنەزانێت، ئاگر مرۆڤ دەسوتێنێتو...

ئەوەی جێگای پرسیارو سەرنجە ئەوەیە، بۆچی لە کاتێکدا چەندین دەقی ئاینی هەیە، کە دژایەتی بۆچونو دیاردە خورافیەکان دەکەن، کەچی ئەو بۆچونو دیاردانە بونیان هەیە؟ ڕەنگە هۆکاری نەزانیو بازرگانی بێت کە ئەو دیاردانە بونێکی بەرچاویان هەیە، بەڵام بۆ وەڵامی وردی ئەو پرسیارە پێویستمان بە توێژینەوە هەیە، کە چەندین پرسیاری لەو جۆرەبکەین لە زانایانی ئاینیو چینو توێژەکان.

**بازرگانی:**

مرۆڤ بۆ دابینکردنی حەزو ئامانجە خودپەرستیەکانی، بۆ بازرگانیو مادەپەیداکردن، زۆر شتدەکات مرۆڤەکانیتر دەکوژێت، چەکی کیمیاویو نەوەوی دروستدەکاتو، وڵاتان کاولدەکات، مادەی بێهۆشکەر دەفرۆشێت، گوێ بەزیانەکانیشیان نادات. هەروەها بۆئەو مەبەستە گرنگی بە هزری خوراقی دەدات. بۆنمونە کاتێك کە ئاین لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا مەحکومی سیحرو فاڵچێتیو تەقدیسی قەبرو مەزارگە دەکات، بەڵام دەبینین ئەو دیاردانە بونێکی بەرچاویان هەیە، هەرچەند پاڵپشتێکی ئاینیان نییە، هەروەك سەرتا باسمکرد هزرە خورافیەکان خۆیان تێکەڵ دەکەن بە ئاینو زانست بۆئەوەی قبولبکرێنو بازاڕیان گەرمبێت. بۆ ڕەواجدان بەکارەکەیانو پارەپەیداکردن بەرگی ئاینی دەپۆشنە دیاردە خورافیەکان.

لەلایەکیترەوە کارگەو چاپەمەنیش هەیە بەرهەمە خورافیەکان بەرهەمدێنن، چونکە سەرفیاتی هەیە، دەبینین چەندین کتێب سەبارەت بە جۆرەکانی سیحرو فاڵچێتیو...هەیەو بەنرخێکی گران دەفرۆشرێن، چەندین جۆر لە چاوەزار دروستدەکرێت.

پرۆسەی دەستنیشانکردنی ورد بۆ بابەتو دیاردەو زاراوەکان کارێکی پێویستی وتارە زانستیەکانە، هیوادارم توانیبێتم کەمێك لە بابەتەکانی پەیوەست بە (هزری خوراقی)م ڕوشاندبێت. ئێستاش با سەرنجێك لە زاراوزەی (کۆمەڵناس) بدەین.

کۆمەڵناس وشەیەکی گشتگیرو ناڕونە، کاتێك دەدرێتەپاڵ کەسێك پێناسێکی وردمان ناداتێ. نازانین ئایا ئەم وشەیە دەلالەت لە چ کەسێکو چ ئاستێك دەکات؟ ئایا هەلگری کام لە بڕوانامەکانی (بکالرۆس، ماستەر، دکتورا)یە، ئایا کامیان کۆمەڵناسەو کامیان کۆمەڵناس نییەو، بۆچیو، بەچ پێوانەیەك؟ ئاشکرایە زانستەکان بەرەو وردکاری تایبەتمەندی دەڕونو پسپۆرییەکان جیادەبێتەوە، هەر لە کۆمەڵناسیدا چەندین بواری جیاواز هەیە، واباشترە بۆ کەسەکان بنوسرێت هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە سۆسیۆلۆژیای تاواندا، یان دکتورا لە سۆسیۆلۆژیای سیاسیدا، واتە ئاماژە بە بڕوانامەو تایبەتمەندییەکەی بکرێت نەك وشەیەکی گشتگیری وەك کۆمەڵناس. ئەگەر سەرنجبدەین تەنانەت کەسە دیارەکان (عەلی وەردی یان دۆرکایم..) لە کتێبەکانیان وشەی کۆمەڵناسیان نەخستۆتە پێشناوەکەی خۆیانەوە. (مەبەستم لە دیاریکردنی وشەی کۆمەڵناس هیچ کەسێك نییە، بەڵکو وەك بابەتێکی فەرهەنگیو زانستی پێویستە وشەو زاراوەکانی زمانی کوردی بەوردی دیارییبکەین تا زمانەکەمان زانستیو دەوڵەمەند ببێت، بۆیە پێویستە دەلالەتی وشەکان بە وردی دیارییبکەینو پۆلێنیان بکەین).

ڕەنگە کۆمەڵناس کەسێك بێت (سەرەڕای شارەزاییەکی وردو قوڵ لە بوارەکانی کۆمەڵناسیدا) لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن تیۆرییەو قوتابخانەی زانستی تایبەت بە خۆی بێت لە بواری کۆمەڵناسیدا.

**پەڕاوێزو سەرچاوە:**

---

[1] – المنجد في اللغة العربية. المكتبة الشرقية. چاپی یەکەم ساڵی 2000 لاپەڕە (378).

[2] – سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (690).

[3] – بەناوی ژیانەوە. ئەریك فرۆم. چاپخانەی بەدرخان ساڵی 2002 لاپەڕە(62)

[4] – نامەی ماستەر (دور التلفزيون في قيم الاسرة، وعد ابراهيم خليل الامير، الموصل، 1999 ، لاپەڕە: 25).

[5] – "کۆتوبەندی خورافە لە ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا. هادی ئەمین. هەفتەنامەی هاولاتی ژمارە (222) لاپەڕە (8).

[6] – پێکدادانی شارستانییەکان.سامۆیل هانتینگتۆن. و/ مامەند ڕۆژە. مەکتەبی بیرو هۆشیاری ی ن ك ساڵی 2005 س لاپەڕە(69).

[7] – بەناوی ژیانەوە. ئەریك فرۆم. چاپخانەی بەدرخان ساڵی 2002 لاپەڕە (31).

[8] – سەرچاوەی یەکەم لاپەڕە (1573).

[9] - نقد نقد العقل العربي. نظرية العقل. جورج طرابيشي. دار الساقي لاثةرة (106)

[10] - حةلآلَء حةرام لة ئيسلامدا. يوسف قرضاوي. و/مةلا حةمة ئةمين. كتێبخانةي رؤشنبير. ضاثي يةكةم 2003 لاثةرة (235).

[11] – سەرچاوەی پێشو لاپەڕە (238)